# راپۆرتی سەردانی دەفتری حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران لە شاری هەولێر
## لە لاین دوو ئەندامی رێکخراوی مافی ژنی کوردەوە!

رۆژی ٤ شەمبە ٢٠١١/٤/٢٧، جەمیلەی حەسەنخاڵی و عەتا دەباغی، ئەندامانی رێکخراوەی مافی ژنی کورد، سەردانی دەفتری حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران لە شاری هەولێریان کرد و لە گەڵ بەڕێز کاک تاهیر مەحموودی، مەسئوولی دەفتر، دانیشتنێکی دوو ساعەتەیان لە کەش‌وهەوایکی زۆر دوستانەدا بەڕێوەبرد.

لەم دیدارەدا، ئەندامانی رێکخراوەکەمان کورتە ڕاپۆرتێکیان لە کۆنگرەی پێنجەمی رێکخڕاوە لە شاری سولیمانیە پێشکەشکرد و بە وردی لە ئامانج و دەسکەوتەکانی رێکخراوەی مافی ژنی کورد، دووان. بەرپرسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ دەربرینی پێخۆشبوونی خویان لەو دیدارە، بەڵێنیان‌دا کە ڕا و بۆچونی ئیمە بە رابەرایەتی حیزب ڕابگەینن و ڕای ئەندامانی حیزبی بۆ بەشداری چالاکانەتر لە چاڵاکیەکانی رێکخراوەی مافی ژنی کورد راکێشن.

هەروە لەم دانیشتنەدا باس لە سەر کۆنگرەی داهاتووی رێکخراوەی مافی ژنی کورد، کرا ( کە بریار وایە ساڵی داهاتوو لە شاری هەولێر بەڕێوە بچێت) و لاینی حیزبی دێموکرات قەولی دا کە بە پێ توانا بۆ باشتر بەڕیوە بردنی ئەو کۆنگرە یارمەتیمان بدا.

